

# ڕێنمایی بۆ لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز

زۆربەی ئافرەتان حەز بە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز دەکەن، چونکە لەلایەك شێوەی جەستە بەرز و لەش و لار کراوە دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ زۆربەی جلەکان دەگونجێت. وەك باوە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز ئەنجامی ژان و ماندووبوون و پشت ئێشانە، بەڵام ئەوە وا لە خانمان ناکات کە دەستبەرداری ئەو جۆرە پێڵاوە بن. هەر بۆیە چەند ئامۆژگاری و ڕێنماییەك هەن، کە ئازار و ماندووبوونی دوای لەپێکردنی پێڵاوی پاژنە بەرز کەم دەکەنەوە، لێرەوە ئاشنایان بە:

نابێ هەموو رۆژ و کاتێك تەنیا پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێ بکەیت، بەڵکو واباشە لە رۆژانی ئاساییدا، پێڵاوی پاژنەنزم لەپێ بکەیت، تاوەکوو ماسوولکەکانی پێ لەگەڵ بەرزی و نزمیی پێڵاوەکانت بگونجێت. کاتێك پێڵاوی پاژنەبەرز هەڵدەبژێریت، هەولبدە پێڵاوی مارکەی چاك و کوالێتی بەرز هەڵبژێریت، چونکە بە شێوەیەکی تەندرووست دروست دەکرێن، تەنانەت پێڵاوی پاژنە بەرزی تەندرووست هەن، ئەوانیش ئازار و ژانی پێیەکانت نادات، کاتێك زانیت پێیەکانت ئازاریان هەیە، پێڵاوەکانت دابکەنە و ژێر پێیەکانت بشێلە، یان پشوویەك بدە، هەروەها کاتێك لە شوێنێکی گونجاوی، پێڵاوە پاژنە بەرزەکەت داکەنە تا ئەو کاتەی پێویستت پێی دەبێت.



# هەنگاوەکانی ماکیاژ و چاویلکە لە چاوکردن

هەندێ لە خانمان، کاتێك نیازیان چوونە دەرەوە دەکەن بۆ گەشت و یاد و بۆنەکان، لەو شوێنەدا هەمیشە چاویلکە لە چاو دەکەن، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە بەر هەتاوە، جاری واشە وابیر دەکەنەوە کە ئەگەر چاویلکەیان لەچاو بێت، ئیدی پێویستیان بە ماکیاژ و هەنگاوەکانی دیکە نابێت، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و پێویستە ئەگەر چاویلکەشتان لەچاو کرد، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن:

کاتێك چاویلکەت لەچاو کرد، نابێت جوانکردنی برۆ و ماکیاژی چاوت فەرامۆش بکەیت، بەڵکو هۆکارێکی گرنگە کاتێك چاو و برۆت لە ژێر چاویلکەشەوە ماکیاژی بۆ بکەیت. گرنگە کاتێك چاویلکەت لەچاوە پۆدرەش لە لووتت درابێت، ئەگینا جوانی لووت و رووخسارت و چاویلکەکەشت شێواو دەبن، ڕەنگی پشت چاوەکانیش گرنگن و دەبێ کاری بۆ بکەیت. لەوانەیە هەندێ جار بڵێی ئەگەر چاویلکە لە چاو دەکەم، پێویستم بە ماسکاراکردن نابێت، بەڵکو دەبێ ئەو کاتە ماسکارای تۆخ و پڕ بکەیت، تا لە ژێر چاویلکەوە بە جوانی دەربکەوێت، ئەو ڕێنماییانەی سەرەوە لەلایەن مارکەی (پرادا-Prada)وە خراوەتەڕوو، تا خانمانیش پێوەی پابەند بن، بەتایبەت کاتێك دەچنە ئاهەنگ و بۆنەیەك کە لە بەر هەتاو دەبن.



# چۆن ڕەنگی جل و بەرگت هەڵدەبژێریت؟

زۆربەی خانمان دوای ماوەیەك لە راهاتن و راهێنانی ماکیاژ کردن ئیدی ئاشنای شێواز و جۆرەکانی ڕەنگی ماکیاژ دەبن و لە کاتێکی کەمدا دەتوانن ئەو ڕەنگە هەڵبژێرن بۆ ماکیاژەکەیان، بەڵام هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ جل و بەرگ دوو ئەوەندە قورسترە لەوەی بۆ ماکیاژێك بێت. کاتێك پێویستت بە دەستنیشانکردنی ڕەنگێکە بۆ جلەکەت، هەمیشە دوودڵ و نیگەران دەبیت، بەوەی کە ئاخۆ چ ڕەنگێك لەگەڵ مۆدی جلەکانت و ئەو وەرزەی تیایدایت دەگونجێت، بۆیە واباشترە ڕێنماییەکانی پسپۆڕەکانی جوانکاری پەیڕەو بکەیت، ئەو کاتەش چ گرفتێکت بۆ دروست نابێت و جلەکەشت لە ڕەنگێکی شیکدا هەڵدەبژێریت. لە وەرزی هاویندا، هەمیشە لە ڕەنگە دژەکان دووربکەرەوە کە بەیەکەوە لەبەر دەکرێن وەك : زەرد و شین، یان سوور و سەوز. کاتێك ئەو ڕەنگانە لەیەك جلدا دەبن، دەبێتە هۆی نەشیاوی جلەکەت، هەروەها ڕەنگی پێستیشت دەمژێت و ونی دەکات، هەندێك ڕەنگی دیکەش هەن، کە ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاون، ئەوانیش جوانیت دەشێوێنن، وەك: سەوز و پرتەقاڵی، یان سوور و پرتەقاڵی، هەوڵدە هەمیشە ڕەنگەکانی (سوور و شین و زەرد) بە تەنیا لەبەر بکەیت. کاتێك ڕەنگێك بۆ جلەکەت هەڵدەبژێریت، تێبینی ڕەنگی پێستیشت بکە، هەروەها ڕەنگی چاو و ماکیاژیشت لەبەرچاو بگرە. بۆ جلێکی شیك، هەمیشە گرنگی بە ڕەنگەکانی (ڕەش و سپی و ڕەساسی) بدە ئەگەر جلەکەت سادە بوو.

## هەمبرگری سەوز و قاوەی ڕەنگاوڕەنگ

# گوڵ و گوڵ فرۆشی
# لە کوردستان

ماوەیەکە لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان، فرۆشگەی تایبەت و ڕەنگاوڕەنگ و پڕ گوڵ و گوڵزار دەبینین، کە وەك باخچەیەکی بچووکن و تیایدا چەندین جۆرە گوڵ و گوڵەباخ دادەنرێت، خەڵکیش بە مەبەستی دیاری و گوڵ پێشکەشکردن روو لەو فرۆشگایانە دەکەن و گوڵێك بە دیاری بۆ خۆشەویستان و دۆست و کەسانی نزیکیان دەبەن. جاران گوڵفرۆش هەبوو، لە زەمبیل، یان سەبەتەکەی دەستی، کۆمەڵێك گوڵی بۆندار و ڕەنگاوڕەنگی دادەنا، بەڵام ئێستا زۆر برەوەی پەیدا کردووە و دووکان و پیشانگەی بۆ تەرخان دەکرێ. شوان لە شوێنی گوڵفرۆشتن کاردەکات و دەڵێ: ژینگە و کەشی کوردستان لە بار نییە تا ئەو جۆرە گوڵانە لێرە بڕوێندرێت، چونکە هاوینی کوردستان زۆر گەرمە و زستانیشی ساردە. گوتیشی: ئەو گوڵانەی لێرە هەن، لە وڵاتانی کینیا و هۆڵەندا و ئیکوادۆرەوە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەوە دێن. زیاتر ئەو گوڵانەشی کە باون و بۆ دیاری و پێشکەشکردن دەبرێن وەك مەرکان و گوڵدان لە ماڵەکاندا دادەنرێن چەند جۆرێکن، لەوانە: گوڵی باخ (ڕۆس)، لیلیۆم، کەلایۆر، ژێربێرا، مەریەم، لیسانتۆس، ئارستریۆنە، هەروەها جوانیی گوڵیش هەر تەنیا گوڵەکان نین، بەڵکو گەڵا و پەلکەکەشی لە دیزاینی گوڵدا چێ دەکرێن، ئێستا گوڵ و گوڵزار وەك دیاری دەبردرێن، زیاتر بۆ خۆشەویستان و کەسانی نزیکە و لە بۆنە و یادەکان پێشکەش دەکرێن، هەروەها لە ئاهەنگ و زەماوەندی بووك گواستنەوەشدا ئامادەدەکرێن، بەم دواییە هۆڵێکی ئاهەنگگێڕان بە دیزاینی گوڵی سرووشتی ڕازاوەتەوە، بایی (٧٥) وەرەقە دۆلار بووە، نرخی گوڵیش زۆر نییە، بەڵام بە کۆمەڵ و دیزاینەکەشی زیاتر دەوەستێت، لە ئێستادا زیاتر دیاری گوڵ لە جیاتی شیرینی و خواردن بۆ نەخۆش دەبردرێت، هەروەها ئاشقان و خۆشەویستانیش بۆ دۆستەکانیان وەك دیارییەك گوڵ پێشکەش دەکەن، باوترین داواکاری ڕەنگی گوڵیش، ڕەنگی سوورە.



## وڵاتی گوڵەبەڕۆژە!





وەك دەزانین ڕەنگی قاوە، یان قاوەیی، یان جار جارە لەگەڵ نیسکافێ تێکەڵ دەکرێت و هەندێك زەرد و سپی دەبێ، بەڵام ئەگەر قاوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ، یان قاوەی شینت پێشکەش کرا، ڕەتی مەکەوە و دوودڵیش مەبە لەوەی تایت، یان شامپۆ و بۆیەیان لە نێو قاوەکەت کردبێت، چونکە دواجار قاوەی ڕەنگاوڕەنگ و شینیش دەرکەوت. ئەو جۆرە قاوەیە لە قاوەخانەیەکی ئوسترالی بە ناوی (ماتچ مایلکابار) داهێنراوە، بیرۆکەکەش ئەوەیە کە بە زیادکردنی ماددەی (لات ماتچ)، ئیدی ڕەنگی قاوەکە لە قاوەیی و ڕەشەوە بۆ شین دەگۆڕێت، هەروەها بە تێکەڵکردنی تەحاڵبی شینی زیندوو کە لە نێو لیمۆ و زەنجەبیل و ڕۆنی گوێزی هیندی هەیە، تام و ڕەنگی قاوە بۆ جۆرەکانی دیکە دەگۆڕێت. ئەو قاوەخانەیە دەکەوێتە شاری مۆلبۆرن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئوسترالیا، جگە لەوەی قاوەی ڕەنگاوڕەنگیان داهێناوە، هەروەها لە پێشوودا هەمبرگری سەوزیشیان پێشکەشی خەڵك کردووە.

ئەگەرچی گوڵەبەڕۆژە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەڕوێندرێت و بەروبوومەکەی لە ڕۆن و خواردنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێندرێت، بەڵام سەرچاوەی گوڵەبەڕۆژە لە بنەڕەتدا لە وڵاتی ئیتاڵیایە، کە گەورەترین کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە لەوێدایە. ئەو کێڵگەیە ناوی (تۆسکانا)یە دەکەوێتە ناوەڕاستی و ناوچەی (ئەرایس) بە دووری (٨٠) کیلۆمەتر لە شاری (ڤینیسیا) و بە گەورەترین ناوچەی کشتوکاڵی گوڵەبەڕۆژە دادەنرێت. ڕووبەری ئەو ناوچەیە دەگاتە (٢٢) هەزار کیلۆمەتر دووجا، هەروەها ڕووبەری کێڵگە گوڵەبەڕۆژەکەش دەگاتە (١٦٠) کیلۆمەتر دووجا کە تەنیا گوڵەبەڕۆژەی لێی دەڕوێندرێت. ساڵانە نزیکەی (٣) ملیۆن بنەداری تۆی گوڵەبەڕۆژەی پێوە دەکرێت و بەرووبوومەکەشی بە ملیۆنان تۆن لە گوڵەبەڕۆژەی تیایدا بەرهەم دەهێندرێت. دەگوترێت کە ساڵانە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دۆلار داهاتی هەیە، هەروەها کێڵگەکە بۆتە شوێنێکی گەشتیاری و خەڵکیش سەردانی ئەو شوێنە دەکەن.



## دووانەیەک لە هەموو شتێکدا هاوشێوەن




دووانەیەك بڕوایان وایە کە کاتێك دووانە بوون و لەناو سگی دایکیان بەیەکەوە ژیاون، دوای ئەوەش کە لە دایك بوون و گەورە بوون، دەبێت هەر وەك یەکتر بن، بۆیە بڕیار دەدەن لە هەموو لایەن و شتێکی ژیانیان بەیەکەوە و هاوشێوە بن، (ئانا و لووسی دیکنیکۆ)، ئەو دوو جمکە تەمەن (٣١) ساڵەی، هەمیشە بەیەکەوەن و ڕۆژانەی ژیانیان لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن، ئەو دووانە لە شاری (پێرت)ی وڵاتی ئوسترالیا دەژین، ئەوە جگە لەوەی شێوە و ڕووخسار و سرووشتیان وەکو یەکە، هەروەها نیازیان وایە تا لە ژیاندا دەمێنن، ڕەوشت و جوولە و هەستان و دانیشتنیان لەگەڵ یەکتر بێت. ئەوەی جێگەی سەیرە ماوەی (١٠) ساڵە، هەمان خواردن و گەشت و دەرچوون و گەڕان دەکەن، هەریەکێکیان چی بکات، ئەوەی دیکەش لاسایی دەکاتەوە، تەنانەت کێشی جەستەشیان وەکو یەکە، شێوەی لەش و لاریشیان ئەوەندە نزیکە ناتوانی لەیەکتریان جیا بکەیتەوە، جگە لە هەموو ئەوانە هەمان بڕوانامەیان لە بواری تەندرووستی خۆراك هەیە، لەوەش سەیرتر بە هەردووانەیان یەك کوڕە خۆشەویستیان هەیە، بە یەکەوە، یان بە نۆرە وماوە ماوە کات لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن.

## گەورە بە بچووک

جاران ئەو دیاردەیە هەبوو، کە ژن بە ژنی دەکرا و ئینجا ئەو ژن بە ژنییە، کچێك بەرامبەر کچێك بوو، یان گەورە بە بچووك بوو، کە کچێکی بچووکیان لە منداڵییەوە بۆ ماڵی بەرامبەر دادەنا و ئیدی تا گەورە دەبوو بە ڕەزامەند، یان بێرەزامەندی کچە، دەبووایە شوو بەو کوڕێکی ئەو ماڵە بکات کە کچەکەیان لێی خواستووە، ئەوەی دەیبینن هەمان حاڵەتە، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانە بۆتەوە، واتە ئافرەتەکە گەورەکەیە و کوڕەکە بچووکەکەیە، کە پێشتر بنەماڵەی ئەو کوڕە کچێکیان لە بنەماڵەی ئەو ئافرەتە هێناوە و ئێستاش ئافرەتەکە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. ئەو ئافرەتە ناوی (ئەلمیدا ئیریل)ە و تەمەنی (٧١) ساڵە، دوای ئەوەی کوڕێکی دەمرێت و لە کاتی ناشتنی کوڕەکەی، چاوی بە گەنجێك دەکەوێت کە ناوی (جار هاردۆوێك)ـە و تەمەنی (١٧) ساڵە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەو کوڕە گەنجە لە پێشوودا پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن (٧٧) ساڵ هەبووە، بەڵام لەبەر ئەو هاوسەرە تازەیە، وازی لەوەی پێشووی هێناوە.





## کچەکەی ئۆباما لە چێشتخانەیەک کار دەکات

کچەکانی ئۆباما، وەکو کچی هەر سەرۆك وڵاتێك لە هیچیان کەم نییە و ئەوەی بیانەوێ بە خولەکێك بۆیان دێتەدی، بەڵام دواجار بیر و باوەڕی کچە بچووکەکەی ئۆباما لەگەڵ ئەوەدا نییە کە خۆی بە کچی سەرۆك بزانێت، بەڵکو وەك کەسێکی ئاسایی ڕەفتار دەکات، کچە بچووکەکەی ناوی (ناتاشا)یە کە خۆی حەز دەکات بە (ساشا) بانگ بکرێت، تەمەنی (١٧) ساڵە، ئێستا لە ریستورانتێکی ماسی خواردندا وەك خزمەتکار کار دەکات، ئەو چێشتخانەیەی کچەکەی ئۆباما کاری تیادا دەکات، ناوی (نانسی)یە و خاوەنەکەی کەسێکی خەڵکی لوبنانە. ئەو چێشتخانەیە دەکەوێتە کەنداوی (مارتا ڤینیارد) لە ویلایەتی ماساسیوتیش لە ئەمریکا، ڕۆژانەی کچەکەی ئۆباما (١٢) دۆلارە و ماوەی (٢) هەفتەیە دەستی بە کارکردن کردووە.



## پەند و وتە



- دیل هاریبسۆن کارینجی، نووسەری ئەمریکی ساڵی (١٨٨٨) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٥٥) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستی و حەز بە کارکردن گوتوویەتی: ئەگەر بە حەز و خۆشەویستی و هەستەوە کاری بۆ نەکەیت، هەرگیز ناتوانیت سەرکەوتن و پێشکەوتن لە کارەکەت ببینی و شکست دەهێنیت.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە دەستی یارمەتی دەکات، کە لە ڕەواڵەتدا یارمەتییە، بەڵام لە دواوە ژەهرە!

### کاوڕ

خولیای ئاوات و خەونەکانی خۆت بە و خەمێك لە خۆت بخۆ، واتە ئەوەندەی دڵسۆزی کەسانی دیکەی، ئەوەندەش خۆت فەرامۆش مەکە. زوو زوو توووڕە دەبیت، باشتر وایە لەو شتانە دووربکەویتەوە کە هەست و دەروونت دەشێوێنێت ء دەبنە هۆکارێك کە ڕەنگە ترسیشت بۆ دروست بکەن.

### گا

ئاگاداری ئەو کێشانە بە کە بۆت دروست دەکرێت، ئەو کەسەش بدۆزەرەوە کە دژایەتیت دەکات. پێویستت بە کەسێکە لێت تێبگات و هاوسۆزت بێت. ئەم ماوەیە لە زۆربەی بوارەکان سەرکەتوو دەبیت، کەسانێکیش هەن کە بەردەوام خەمی تۆیان هەیە و پێویستە تۆش لەبیریان نەکەت.

### جمک

خەونەکانت ئەوها بە ئاسانی نایەنەدی و پێویستە کاری خۆت بە خۆت بکەیت و ئەوەندە ئەرك بە کەسانی دیکە مەسپێرە. کەسایەتیت گونجاوە تا بەرگری لە خۆت بکەیت و چاوەڕوانی هەنگاوێکی گەورە دەکەیت، بەڵام لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێت.

### قرژاڵ

بڕیاری کۆتایی لەسەر هیچ کێشەیەك مەدە و ئارام بگرە، تا ئەوکاتەی ئەنجامەکانت بۆ ڕوون دەبێتەوە. کەسێك نیازی وایە لێت نزیك ببێتەوە، هەوڵبدە بوێرانە ڕووبەڕووی کێشەکانت ببیتەوە و خۆت لەگەڵ ژیانی ئێستات رابهێنی، هەروەها لە کەسانی کێشە دروستکەر دووربکەوە.

### شێر

مەرجە ئەوەی لە دڵتە پارێزگاری لێ بکەیت و مەهێڵە لە دەستت بچێت. کەسێك دەیەوێ کارێکی ناوازەت بۆت بکات، بەڵام تۆ فەرامۆشت کردووە، بەردەوام بە لەسەر کارێك کە سوود بە ئێستا و دوارۆژت دەگەیێنێ. ڕێگەی کەسانی دیکە مەگرە و ئازادیان بکە لە نزیکبوونەوەت.

### گوڵەگەنم

کێشەکانت ئەوەندە بە خۆتەوە مەبەستەوە، چونکە هەندێکیان بە دەست خۆت نین و بۆت دەردەکەون. کەسێکی بەهێزی، بەڵام ناتەوێت ئەوەندە گرنگی بە خەونەکانت بدەیت. کاتی ئەوە هاتووە کە سەرجەم کاتەکانی خۆت کۆبکەیتەوەو بەبێ دڵەڕاوکێ ڕووەو پڕۆژەکەی خۆت هەنگاو بنێیت.



**شایان**

بوار بە کەسانی دیکە مەدە ئەوەندە لێت نزیك بن و بە نهێنییەکانت ئاشنا بن، چونکە لە داهاتوودا بە خراپە بۆت دەگەڕێننەوە، ئەو کارەی ئێستات گەورەییە بۆت، هەرچەندە قوربانی دەدەیت، بەڵام داهاتووی باش دەبێت. لەبواری ئیشدا چەند هەوڵبدەی زیاتر لەسەرکەوتن نزیك دەبیتەوە.



**دووپشک**

ئەم ماوەیە هەست دەکەیت چالاکییە کۆمەڵاتییەکانت روو لەزیادبوونن. یارمەتی کەسانی نزیکت ئەرکە و دەبێ بیکەیت، بەڵام زۆر جار بڕیاری توند دەدەیت و دواتر پەشیمانیت پێوە دیار دەبێت، دەبێ ئەوەش بزانی کە بڕیاردان لە کاتی تووڕەییدا تووشی هەڵەی گەورەت دەکات و مایەی پەشیمانییە.



**کەوان**

ئەو کارەی ئێستا بۆ کەسانی دیکە دەیکەت، یارمەتیدانە و لە ئەنجامدا بە باشی بۆت دەگەڕێتەوە. ئارام بگرە و دڵت کراوە بێت، کەسانێك شایەنی تۆ نین و لە نزیکی تۆن، هەوڵبدە لێیان دوور بکەویتەوە. لە بواری کاردا کەمێك ماندوو دەبیت، بەڵام ئەنجامی باش دەبێت.




**گیسک**

ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە، چونکە دواجار کارەکەت بە خراپە بۆت دەگەڕێننەوە و ژیانیشت دەشێوێنن. زیاتر خەمی خۆت بێت و بەرەو داهاتوویەکی باش رێگە دەگریت، بەڵام ماندوویت و پێویستت بە پشووە، زۆربەی کێشەکانیشت بەرەو چارەسەر کردن دەڕۆن.



**گۆزە**

هەمیشە هیوای ئەوە دەخوازی کە کێشەت نەبێت و لە حاڵەتێکی خۆشدا بژیت، بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانتدا هەوڵبدە یارمەتی لە کەسانی نزیکت وەربگریت. ماوەیەکە لە کەسێك دوور کەوتوویتەوە و ئاوتێکیشت لە دەست چووە، بۆیە ئەمەش وات لێدەکات کە باری دەروونیت ناجێگیر بێت.




**نەهەنگ**

ئەو ژیانەی ئێستات ناهەموار و ناجێگیرە، ئەوەندە بیری لێی مەکەرەوە، لە ماوەیەکی نزیکدا کێشەکانت چارەسەر دەبن و بێزاریت پێوە نامێنێت، خەیاڵت ئەوەندە قووڵ نەبێت و ئاگاداری کارەکانت بە، ئەگەر رێگەچارەیەك بۆ کێشەکانت نەدۆزیتەوە، ئەوا زیاتر هەست بە بێزاری دەکەیت.

# بۆ زانیاریت

**- بەرمۆدا**

سیگۆشەی بەرمۆدا، یان (سیگۆشەی شەیتان) کە هەندێ جاریش بە (بنکەی نهێنی UFO یەکان) ناوی دەبەن، بریتییە لە ناوچەیەکی جوگرافی و لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی سێ لا یەکسانە و درێژی هەر لایەکیشی دەگاتە ١٥٠٠ کم و رووبەریشی ١ ملیۆن کم چوارگۆشەیە، کە دەکەوێتە نێوان دوورگەکانی (بەرمۆدا و پۆرتەریکۆ و فۆرت لۆدەردیڵ لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکیا)، چەندین بەرنامەی دیکۆمینتاریش لەو ناوچەیەدا ئەنجام دراون هیچ جۆرە حاڵەتێکی نائاسایی وەك بوونی بنکەی دەفرە فڕیوەکان .. هێزی ناسرووشتی و نادیار.. بوونی بنکەیەك بۆ گیان و شەیتانە شەڕانگێزەکانیان لەم ناوچەیەدا نەدۆزیوەتەوە، پاشان چەندین ئاژانسی فڕین و دەریاوانی دانیان بە رووداوی چەند هەڵەیەکی مرۆیی بە پلەی یەکەم نەناوە، بەڵام وەك زۆرێك لە ناوچەکانی جیهان، چەند هۆکارێکی سروشتی وەك، رووداوی گێژەڵووکەی لەناکاو و نادیار یاخود کاریگەری ناسراو بە تەقینەوەکانی هایدرایتی گازی میتان لەوێ تۆمارکراوە و بەردەوامیش تۆمار دەکرێت، ئەمەش لەسەر شێوەی بڵقی گازی زۆر گەورە لە ناخی زەوی و لەرێگای چەند درزێکی ژێر زەمینی قووڵ لە بنکەی دەریادا دەردرچن و کاتێك سەردەکەون رەنگی ئاوەکە دەگۆڕن بۆ سپی و هەڵبەزین و دابەزینی وا دروستدەکات کە بە ئاسانی دەتوانێت کەشتییەکانیش وەربگەڕێنێ و نقومیان بکات، ئەمەش بە (گرکانە قوڕینییەکان) ناسراوە.





# تابلـــــــــۆ

**- هاوین**


تابلۆیەکی جوانی وێنەکێشی فینلەندی (گونار بێرندتسۆن) ـە کە ساڵی (١٨٥٤) لە شاری هیلسنکی فینلەندی لەدایك بووە، دواتر بۆ وڵاتی سوید کۆچی کردووە، ماوەیەك لەوێ ژیانی بەسەر بردووە، پاشان لە بواری وێنەکێشان بۆ ماوەیەك خوێندوویەتی، دواتر گەڕاوەتەوە فینلەندا، ئەو وێنەیەی باس لە هاوینی گەرمی ساڵی (١٨٩٣) دەکات، کە کەشێکی هەتاوی باکووری کیشوەری ئەوروپایە، ئەگەرچی ئەو کاتە کەشی ئەوروپا سارد بووە، بەڵام وێنەکێشەکە باس لە نەهامەتی ژیانی کشتوکاڵی و ماندووبوون دەکات، کە ئەو ئافرەتە لە چینی بۆرجوازی و منداڵەکەش لە کاتی کارکردنیەتی، وێنەکە بە تابلۆی زەیتی دادەنرێت و بە درێژی (٦٠) سەنتیمەتر و پانی (٤٣) سەنتیمەترە، گونارلە ساڵی (١٨٩٥) کۆچی دوایی کردووە.

# یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

ژ پ ێ ر

ئاسانکاری: ناوچە و سەیرانگایەکی کوردستانە !



# نوکـــــتە

- مامۆستایەك لە قوتابیەکانی دەپرسێ و دەڵێ: کێ بوو کارەبای داهێنا؟ ئەویش دەڵێ: باپیرم! مامۆستاکە دەڵێ: ئەی ئەدیسۆنی داهێنەری کارەبا لەکوێ بوو؟ منداڵەکەش دەڵێ: یارمەتی باپیرەمی دەدا!